International Organization for Migration (IOM)

# ماگنێت II

## بۆ دۆزینەوەی هەلی کار






## پێشەکی

پرۆژەی ماگنێت II کە لە کانوونی دووەمی 2012– حوزەیرانی 2013 دەستی پێکرد، ئامانجی ماگنێت II بریتی یە لە دابین کردنی پشتگیری و یارمەتی بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی کارو هاوکاری بۆ هاولآتیان عێراقی گەڕاوە بە ویستی خۆیان لەو ولآتانە. ئامانجی پرۆژەی ماگنێت II زیاتر پشتگیری کردنی ئەو هاولآتیە عیراقیانەیە کە دەگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان بە بەشداریکردنی ئەندامانی یەکیتی ئەوروپا (بەلجیکا, فنلەندا, فەڕەنسا, ئەلمانیا, هۆلنداو بەریتانیا). پرۆژەی ماگنێتیII ئێستا بۆ 24 مانگ لە (نیسانی2014ـ ئازاری 2016) بەردەوامی هەیە. بۆ دووبارە تێکەڵکردنەوەیان بە کۆمەلگەی عێراقی لەڕووی ئابووری و کۆمەلآیەتیەوە.

ئەم نامیلکەیە دەبێتە یەکەم کەرەستە بۆ گەڕاوەکان بۆ ئەوەی زانیاریان پێبدەن بۆ دۆزینەوەی هەلی کار کاتێك کە دەگەرێنەوە.

ئەم نامیلکەیە دابەش بووە بەسەر سێ بەشدا بە گوێرەی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك وە زانیاری لەخۆ دەگرێت سەبارەت بە سەکتەرە سەرەکیەکانی چالآکیەکان و دەرفەتی کار و هەروەها دەرفەتەکانی تر بۆ دووبارە تێکەڵکردنەوە وەکو (سەنتەرەکانی خوول پێدان, دامەزراوەکانی قەرزی بچووك و رێکخراوە ناحکومیەکان ،... هتد)

**www.magnet-project.eu**

**وێنەی بەرگ:**

- محەمەد تەمەن 39 ساڵ خەڵکی شاری هەولێرە, لەکۆتاییەکانی 2012 گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر لەرێگەی پرۆژەی ماگنێتەوە خراوەتە سەر کار وەك نوێنەری فرۆشتن لەکۆمپانیای زانیاری و تەکنەلۆژیا.
- ئیمان تەمەن 47 ساڵ لە 2010 گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لەدوکانێکی پۆشاك کاردەکات.
- کۆڤان تەمەن 25 ساڵ خەڵکی شاری دهۆکە, لەمانگی 7ی 2012 لەگەڵ خێزانەکەی گەڕاوەتەوە لە رێگەی پرۆژەی ماگنێتەوە کاری بۆ کراوە وەك سکرتێرلە تاقیگەو ستۆدیۆی وێنەگرتن کاردەکات.
- ساڵح تەمەن 27 ساڵ کە خەڵکی شاری سلێمانی یە, لە ئازاری 2012 گەڕاوەتەوە لە رێگەی پرۆژەی ماگنێتەوە کاری دارتاشی دەکات.
- ڕەسوڵ تەمەن 34 ساڵ کە خەڵکی شاری سلێمانی یە, لە 2012 گەڕاوەتەوەو لەرێگەی پرۆژەی ماگنێتەوە لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگ کاری بۆدۆزراوەتەوە وەك کارمەند لە کۆمپانیایەکی هەڵکەندنی بیری نەوت کاردەکات.




# هەولێر



ناوشاری هەولێر , ©IOM

## بۆ پەیوەندی کردن

**IOM عێراق**
هەولێر عەنکاوە
بەرامبەر یانەی وەرزشی ئەکەد
ئیمەیڵ: magneterbil@iom.int
تەلەفۆن: 39 42 251 66 (0) 964+
مۆبایل: 80 14 015 751 (0) 964+

**نووسینگەی کۆچ و کۆچبەران**
هەولێر شەقامی 100 مەتری
نزیك نەخۆشخانەی شیفا و تەنیشت ماڵی ماسی
ئیمێل: ddm_erbil@yahoo.com
تەلەفۆن: 19 50 264 66 (0) 964+
مۆبایل : 00 45 446 750 (0) 964+

## زانیاری گشتی

### 1.1 جوگرافیا و دانیشتوان

پارێزگای هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە و شاری هەولێر چوارەمین شارە لە عێراق لە ڕووی گەورەییەوە لە دوای شارەکانی بەغدا و بەسرە و موصل. کەوتۆتە باکوری عێراق و ڕووبەرەکەی بریتی یە لە 14. 428 کم2 سنووری هاوبەشی هەیە لەگەڵ ئێران.

هەولێر پێکهاتەکەی دەشتەو پانتاییە و ئەمەش ڕێگە بە گەورەبوونی دەدات لە هەموو لایەکانیەوە ئەم ڕاستیەش ڕەنگی داوەتەوە لەو پرۆژە نیشتەجێیانەی کە ئەنجام دەدرێت لە ناوچەکە.

بەگوێرەی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەرێمی کوردستان لە 2011, دانیشتوانی هەولێر خۆی لە 1800000 کەس دەدات و 6% ی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنێت.

### 1.2 کار

بە پێی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەرێمی کوردستان, ڕێژەی بێکاری لە شاری هەولێر نزیکەی 4% بوو لە 2011. لە بەهاری 2003 بارودۆخی ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق ڕووی لەگەشە کردووە بە شێوەیەکی بەرچاو بەتایبەتیش لە پایتەخت کە بۆتە سومبولێکی پێشکەوتنی ئابووری. کەرتی تایبەت چالاك کراوە بەتایبەتی لە بوارەکانی گەشتیاری و بنیاتنان و بازرگانی و پرۆژە پیشەسازیەکان.

لە کەرتی گشتی, مووچە زیادی کردوو لە کەرتی تایبەتی هەلی کار زیادی کرد. لە 2006وە خەلکانی ڕاگوێزراو (IDP) بە لێشاو ڕوویانکردە ئەو ناوچەیە بەهۆی هەڕەشە و توندووتیژیەکانەوە. لە هەرێمی کوردستان سەرەرای بەکارخستنی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاری دەرەکی ناشارەزا لەلایەن کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانەوە, ژمارەیەکی زۆری تر لە (IDP) یەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق ئامادەبوون کارێکی زۆر و زەحمەت بکەن لەبەرامبەر مووچەیەکی کەم. لەهەمان کاتدا هەرێمی کوردستان سوودی وەرگرت لە کۆچکردنی شارەزاکان وەکو (دکتۆر و پرۆفیسۆرەکانی کۆلێژ) کە لەگەڵ خۆیان شارەزایی و داهاتیان هێنا بۆ گەشەکردنی ئابووری ناوەخۆ.(1) 80% بۆ 90% ئافرەتانی شارەزا لەکەرتی گشتی دامەزرێندران بە مووچەیەکی کەمتر بە بەراوورد لەگەڵ پیاوەکان

(1) بەپێ ی ڕاپۆرتی دەزگای سنووری بەریتانیا سەبارەت بەهەرێمی کوردستان ئەیلولی 2009

## سەکتەرە سەرەکیەکانی کار

### 2.1 گەشت و گوزار

#### 2.1.1 وەسفی سەکتەرەکە

لـەم سـاڵانەی دوواییـدا بـە تایبەتـی دوای 2003 پارێـزگای هەولێـر سـەلامەترین شـوێنی عێـراق بـووە لـە ڕووی ئاسایيشـەوە. هەروەهـا قـەڵای دێرینـی هەولێـر و منـارەی موزەففەریـە (کـە لەنـاو پارکـی منارەیـە) هەولێریـان کردۆتـە شـوێنێکی سـەرنجڕاکێش بـۆ گەشـتیاری.

بـە پـێ ی بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی گەشـتیاری, لـە کـۆی 182,000 گەشـتیار کـە ڕوویانکردبـووە هەرێمـی کوردسـتان لـە نـەورۆزی 2012, 87000 واتـە. 47.8% سـەردانی پارێـزگای هەولێریـان کـردووە. هـاوکات ژمـارەی گەشـتیاران بـۆ وڵاتانـی تـری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەوانەیـە کـەم بـکات بەهـۆی ئـەو سـەقامگیریە سیاسـی و ئاساییشـەی کـە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا بـە تایبەتـی لـە شـاری هەولێـردا هەیـە کـە وایکـردووە ژمـارەی سـەردانکەران بـەردەوام لـە زیادبووندا بێـت. بـە پـێ ی ووتـەی دەسـتەی گەشـتیاری هەرێمـی کوردسـتان لەسـاڵی 2015 ئامانجـی ئەوەیـە کـە سـاڵانە ببێتـە جێـی سـەرنجی زیاترلـە 5 ملیـۆن گەشـتیار "

هەروەهـا شـاری هەولێـر فرۆکەخانەیەکـی نێودەوڵەتـی هەیـە بـەردەوام لەگەشەسـەندن دایـە, لەسـاڵی 2013 دا بـەردی بناغەیەکـی نوێـی بـۆ دانـرا بـۆ گەشـتیاران و کارگـۆ (بارکردنـی کەلوپـەل) و جووڵـەی فڕۆکـەی زیاتـر. فرۆکەخانەکـە زیاتـر لـە یـەك ملیـون گەشـتیاری تێپەڕانـد لەکۆتایـی مانـگ 10ی 2013. بەگشـتی 1,193,783 گەشـتیار لـەم فڕۆکەخانەیـەوە گەشـتیان کـردووە کـە ڕێـژەی گەشـە سـەندنەکەی 26% بـووە.

هـاوکات بارکردنـی کەلوپـەل (کارگـۆ) بـە بەردەوامـی لەبەرزبوونـەوەدا بـووە بەڕێـژەی 38,572 تـەن کـە ڕیژەکـەی دەگاتە40.4%لـە سـاڵی 2012. لـە سـاڵی 2013 دیسـانەوە فڕۆکەخانـەی نێودەوڵەتـی هەولێـر ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هەبـووە لـە هاتـن و ڕۆیشـتنی گەشـتیاران بـۆ عێـراق 90.3%گەشـتیارەکان گەشـتیان کـردووە بـۆ شـوێنی جیـاواز و نێودەوڵەتـی و9.7% گەشـتی ناوخۆیـان ئەنجام داوە.

وەهەروەهـا ژێرخانـی میوانخانـەکان بـەم سـاڵانەی دوایـی لەگەشـەیەکی بەردەوامدایـەو کـە پـەرەی بـە هـەردوو کەرتـی گەشـتیاری و بنیاتنـان نـاوە. بـە پێـی زانیـاری ژووری بازرگانـی و پیشەسـازی شـاری هەولێـر 8 هۆتێـل پێنـج ئەسـتێرەو16, ی چـوار ئەسـتێرەو 30 ی سـێ ئەسـتێرەی هەیـە ئەمـە جگـە لـە سـەدان دوو ئەسـتێرەو یـەك ئەسـتێرەو جێشـتخانە.

#### 2.1.2 پۆستە پێشبینیکراوەکان

ئـەم پۆسـتانەی خـوارەوە دیارتریـن کارەکانـن کـە ئـەم سـەکتەرە دەتوانێـت دابینیـان بـکات و دەکرێـت دەسـتکەون لـە هوتێلـەکان و چێشـتخانەکان و گوندەکانـی گەشـتیاری:

- **کارمەنـدی پێشـوازی:** بەرپرسـە لـە ئەرکـە کارگێریـە گشـتیەکانی ئۆفیسـەکە وە چالاکیەکانـی تـری وەکـو (وەڵامدانـەوەی پرسـیاری خەلکـی و ڕێنیشـاندانیان و ئیمێـل ڕێکخسـتن وەڵامدانـەوەی تەلەفۆنـەکان و ڕێکخسـتنی چاوپێکەوتنـەکان،)
- **سکرتێری:** بەرپرسە لە پاراستنی هەموو تۆمار و فایلە کارگێریەکان کە گرینگن بۆ کارکردنی ئەو دەزگایەی کە کاری بۆ دەکات.

بەڕێوەبـەری گشـتی: کەسـێکی جێبەجێـکارە لـە لیژنـە ئیداریـەکان و ئەرکـی سـەرەکی بریتیـە لـە سەرپەرشـتی کردنـی هەمـوو کارو چالاکیەکانـی ڕێکخراوەکـە.

- **ژمێریار:** بەرپرسە لە پاراستنی تۆمارە داراییەکان (گرێبەست و کارە داراییەکان) بۆ کۆمپانیا بچووك و گەورەکان.
- **پاککەرەوە:** بەرپرسە لە پاک ڕاگرتنی ئەو دەزگایەی کە کاری بۆ دەکات
- **خزمەتگـوزار:** بەرپرسـە لـە پـاک ڕاگرتنـی ئـەو دامـەزراوەی کاری بـۆ دەکات و هەروەهـا دابیـن کردنـی کـەل و پەلـی پێویسـت و چاکردنـەوەی شـتەکان و دانانـی قەرەوێڵەو حەمـام و دابیـن کردنـی کـەل و پەلـی پێویسـت بۆیـان. لـەزۆر شـوێن کاردەکـەن بەتایبەتـی لـە هۆتێـل و گوندەکانـی گەشـتیاری.
- **بەڕێوەبەری خزمەتگوزارەکان:** بەرپرسە لە سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردن و دەستنیشانکردنی کارەکان بۆ خزمەتگوزارەکان.
- **کرێـکاری کـۆگا:** بەرپرسـە لـە هێنانـە خـوارو بارکردنـی ئـەو کـەل و پەلانـەی کـە دەهێنرێتـە کـۆگا و ڕێـك و پێـك کردنـی شـتوومەکانی نێو کـۆگا.
- **چێشتلێنەر:** بەرپرسە لە ئامادەکردنی چێشت و لیستی ژەمەکان لە هوتێل و چێشتخانەو شوێنەکانی تر.
- **یاریـدەدەری چێشـتێنگا:** بەرپرسـە لـە پاکراگرتـن و ڕێـك و پێـك کردنـی چێشـتێنگا و شوشـتن یارمەتیدانـی ئامادەکردنـی شـوێنی نانخـواردن و یارمەتیدانـی چێشـتلێنەر.

- **شـاگرد:** بەرپرسـە لـە خزمەتکردنـی میوانانـی چێشـتخانە یاخـوود هەرشـوێنێکی تـری پێشـکەش کردنـی خواردەمەنـی. هەڵدەسـتن بـە کارەکانی پاکردنـەوەو وەرگرتنـی ویسـتی میوانـان و ئامادەکردنـی وەصـل.
- **ساقی:** بەرپرسە لە داواکردن و پێشکەشکردنی شەراب بۆ میوانانی چێشتخانەو هوتێلەکان.
- **پاسـەوان:** بەرپرسـە لـە پاراسـتنی ئاسایشـی ئـەو بینایـەی پێـی سـپێردراوە. کاریـان بریتیـە لـە دەستنیشـانکردنی مەترسـیەکان و قەدەغەکـردن و هەواڵدانـی هـەر تاوانێـك كـە لەوانەیـە ئەنجامبدرێـت.

## 2.1.3 کارامەییە پێویستەکان

- **کارمەندی پێشوازی:** ڕووی دەرەوەی پەیوەندی کردن و مامەڵەکردنە لەگەڵ خەلك و میوانان. پێویستە زمان و ئەتەكێتی مامەڵەکردن بزانێت.
- **سکرتێر:** کارامەیی تایبەت بە دامەزراوەکان و زمان و کۆمپیوتەر
- **بەرێوەبەری گشتی:** بڕوانامەی کار یاخوود و ئەزمون و کارامەیی لە ڕابەرایەتی و بەرێوەبردن.
- **ژمێریار:** بڕوانامەی ئابووری و کارامەیی کۆمپیوتەرو زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بزانێت لەگەڵ هەندێك ئەزموون
- **پاككەرەوە کارگوزار و کرێکاری کۆگاو پاسەوان پێویستیان:** ئەمانە بە هیچ کارامەییەك نیە تەنها هەندێك ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی بزانن.
- **بەرێوەبەری کارگوزارەکان:** ئەزموون و کارامەیی رابەرایەتی کردن.
- **چێشتلێنەر و یاریدەدەری چێشتێنگا:** زانیاری چێشتلێنان و ئەزموون.
- **شاگرد:** هەلسوکەوتی ڕێك و پێك و کارامەییەکانی مامەڵەکردن (ئارامی و پەیوەندیکردن).
- **ساقی:** زانیاری دەربارەی شەراب.

## 2.2 بنیاتنان

## 2.2.1 وەسفی سەکتەرەکە

هەولێـر جیـا لـە دهـۆک و سـلێمانی دە توانێـت بەرفـراوان بێـت چونکـە دەورەدراوە چیـا - 2003 وە شـاری هەولێـر گەشـەی بنیاتنانـی بـە خـۆوە بینیـوە چونکـە لـە ژێرفشـاری چارەسـەرکردنی کێشـەی بـێ خانـوو بـوو بۆهاوڵاتیـان.

لەبەرئـەوە حکومـەت ڕێـگای دا بـە کەرتـی تایبـەت بـۆ جێبەجـێ کردنـی چەندیـن پـرۆژەی نیشـتەجێبوون وەکـو پـرۆژەی شـاری خەونـەکان و شـاری زێریـن و شـاری ئیمپایـەرو شـاری ئـۆزال و شـاری فلۆریـا.

بێجگـە لـە پرۆژەکانـی نیشـتەجێبوون, کۆمپانیاکانـی کەرتـی تایبـەت رێگایـان پێـدرا بـۆ ئـەوەی چەندیـن بـەرزە پـرد تونێـل دروسـت بکـەن بـۆ کەمکردنـەوەی ترافیـك و جوانکردنـی شـارەکە.

ئـەم خشـتەیەی خـوارەوە درێـژەی پرۆژەکانـی نیشـتەجێبوون و هەلـی کاری دۆزراوەی تێدایـە لـە پارێـزگای هەولێـر لـە سـاڵی 2008 تاکو 2013.

| | 2008 | 2009 | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | Total | ڕێژەی گەشە 2008-2013 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون | 416 | 433 | 438 | 152 | 442 | 1,194 | 3,075 | +187% |
| ژمارەی هەلی کار | 3,773 | 3,839 | 3,861 | 1,336 | 3,933 | 10,746 | 27,488 | +185% |

**سەرچاوە: دەزگای ئاماری هەرێم**

## 2.2.2 پۆستە پێشبینیکراوەکان

- **لەگەڵ گەشەکردنی کەرتی بنیاتنان زۆر هەلی کار رەخسێندرا:**

- **ئەندازیاری بیناسازی:** بەرپرسە لە دیزاین کردن و پەرەپێدانی کۆمەڵگە بازرگانیەکان و نیشتەجێبوونەکان. گرینگی تایبەت دەدات بە پێداویستیەکانی سەلامەتی و هەماهەنگی کردن لەگەل لایەنەکانی تری پەرەپێدان و پلاندانەران و ئەندازیارانی مەدەنی.
- **ئەندازیاری شارستانی:** بەرپرسە لە دروست کردنی دیزاینی پرۆژەکانی بنیاتنانی رێگاو بینا و پردەکان و هەڵسەنگاندنی کات و خەرجی پرۆژەکان و هەندێ کاری ئیداری تر.
- **ئەندازیاری سیستەمی ساردکەرەوە:** بەرپرسە لە سەرپەرشتیاری کردن و پلاندانانی بەستن و ئیش کردن و چاکردنەوەی کەل پەل و کەرەستەکان وەکو سیستەمی گەرمی مەرکەزی و گاز و ئاو و سیستەمی هەڵمی.
- **بەرێوەبەری شارستانی:** بەرپرسە لە سەرپەرشتی کردنی چالاکیەکانی رۆژانە بۆ ئەوەی دلنیا بیت لە سەلامەتی کارەکان لەکاتی خۆی و بە پێی بودجەو کوالیتی دیاریکراو.
- **سەرپەرشتیار:** بەرپرسە لە پلان دانان و هەماهەنگی و دانانی بودجەی چالاکیەکانی پەیوەندیدار بە چاکردنەوەو بنیاتنانی سیستەم و پێکهاتەو بیناکان. هەروەها بەرپرسە لە دانانی بیرۆکەی پەرەپێدانی پرۆژەکان و چاودێری کردنی خشتەی کات و بەرنامەکانی کوالیتی کۆنترۆل.
- **بەرێوەبەری ئۆپەراسیۆن:** بەرپرسە لە بەرێوەبەردنی پلان و هەماهەنگکردنی پرۆژەکانی بنیاتنان لە هەردوو جۆرەکەی بازرگانی و نیشتەجێبوون.
- **ژمێریار:** بەرپرسە لە پاراستنی تۆمارە داراییەکان (گرێبەست و کارە داراییەکان) بۆ کۆمپانیا بچووك و گەورەکان.
- **کارمەندی فرۆشتن:** بەرپرسە لە یارمەتیدانی کڕیاران و چاوپیاخشاندنەوەی لیستەکان و پاراستنی ستاندەری کۆگاکردن و پاکراگرتن و هەوڵدان و بەرێوەبردنی کۆگا و پێداویستیەکانی.
- **کرێکار:** بەر پرسە لە یارمەتیدانی کەسانی بازرگان لە گۆرەپانی کاردا بە ئەنجامدانی کاری جەستەیی و دەستی بۆیان.
- **بۆڕیچی:** بەرپرسە لە بەستن و چاککردنەوەی بۆڕی و کەل و پەلەکانی تری پەیوەندیدار کە بەکار دێت بۆ دابەشکردن و فڕێدانی ئاو لە بینا بازرگانی و نیشتەجێبوون و پیشەسازیەکان.
- **شوفێر:** بەپرسە لە گواستنەوەی خەلك و کەل وپەل
- **پاسەوان:** بەرپرسە لە پاراستنی ئاسایشی ئەو بینایەی پێی سپێردراوە. کاریان بریتیە لە دەستنیشانکردنی مەترسیەکان و قەدەغەکردن و هەوڵدانی هەر تاوانێك کە لەوانەیە ئەنجامبدرێت
- **چێشتلێنەر:** بەرپرسە لە ئامادەکردنی چێشت و لیستی ژەمەکان لە هوتێل و چێشتخانەو شوێنەکانی تر.

## 2.2.3 کارامەییە پێویستیەکان

کارەکانی کەرتی بنیاتنان پێویستی بە جەستەیەکی تەواو و دەست گەرمی دەکات. کاری بنیاتنان بە کارێکی قورس کرێت بەڵام قازانجی باشترە. هەلی بەرزبوونەوە بۆ کرێکارێك زۆر زیاترە بە بەراوورد لەگەل کارەکانی تر.

- **ئەندازیاری بیناسازی:** بڕوانامەی ئەندازیاری یاخود بیناسازی لەگەل بڕوانامەی سەلامەتی.
- **شوفێر:** مۆڵەتی شوفێری گشتی لە زۆربەی کەیسەکان پێویست دەکات, بەڵام هەندێك کار پێویستی بە مۆڵەتی تایبەتی هەیە (وەکو شوفێری بەرێوەبەر و ئەندازیارەکان).
- **بەرێوەبەری کارەکانی بنیاتنان:** ئەزموون و تێگەیشتن لە کەرتی بنیاتنان و کارامەییەکانی پەیوەندی کردن و مامەڵەکردن.

## 2.3 بازرگانی

### 2.3.1 وەسفی سەکتەرەکە

شاری هەولێر گەورەترین گەشەی بازرگانی بەخۆیەوە بینیوە دوای ئەوەی خەلکی زەنگین نیشتەجێ بوون لە هەولێر و پەنابەرانی دەرەوەی وڵات گەڕانەوە شوێنی خۆیان. هەولێر ئێستا بۆتە گەورەترین سەنتەری بازرگانی عێراقی. بەردەوام پێشانگای بازرگانی نێودەوڵەتی لە هەولێر ئەنجام دەدرێت لە ئێستادا پێشانگای هەولێری نێو دەوڵەتی شوێنی کەوتۆتە نێو جەرگەی هەولێر و لە عیراق ناسراوە بە شوێنی پۆلین کراوی جیهانی.

بە گوێرەی پەرتوکی ڕێبەری هەولێر 2011 کە ژووری بازرگانی و پیشەسازی دەریکردووە, زیاتر لە 15.000 بازرگان هەیە لە هەولێری پایتەخت. بگرە لە گرنگترین کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبیل و کۆمپیوتەر و کارەبایی تا کۆمپانیاکانی کەل و پەلی یەدەگی ئۆتۆمبیل و بازرگانی گشتی.

### 2.3.2 پۆستە پێشبینی کراوەکان

**هەلی کاری زۆر هەیە لەنێو ئەو کۆمپانیا بازرگانیانە**

- **کارمەندی فرۆشتن:** بەرپرسە لە یارمەتیدانی کریاران و چاوپیاخشاندنەوەی لیستەکان و پاراستنی ستاندەری کۆگاکردن و پاکراگرتن و هەوڵدان بە بەرێوەبەر دەربارەی کۆگا و پێداویستیەکانی.
- **ژمێریار:** بەرپرسە لەپاراستنی تۆمارە داراییەکان (گرێبەست و کارە داراییەکان) بۆ کۆمپانیا بچووك و گەورەکان.
- **کارمەندی پێشوازی:** بەرپرسە لەئەرکە کارگێریە گشتیەکانی ئۆفیسەکەو چالاکیەکانی تری وەکو (وەڵامدانەوەی پرسیاری خەلکی و ڕێنیشاندانیان و ئیمێل ڕێکخستن و وەڵامدانەوەی تەلەفۆنەکان و ڕێکخستنی چاوپێکەوتنەکان).
- **سکرتێری:** بەرپرسە لە پاراستنی هەموو تۆمار و فایلە کارگێریەکان کە گرینگن بۆ کارکردنی ئەو دەزگایەی کە کاری بۆ دەکات.
- **داتا ئینتری:** بەرپرسە لە داخل کردن و بەرێوەبردنی داتای پێویستی ئەو دەزگایەی کاری بۆ دەکات.
- **لۆگیستیك:** بەرپرسە لە هێنانی کەرەستەی خامی پێویست و گواستنەوەی بەرهەمەکان بۆ دابەشکەرەکان و جوملەچیەکان و کڕیارەکان. ڕێکخەرە لۆجستیەکان کەسانی شارەزان و سەرپەرشتیاری چالاکیەکانی رۆژانەی بەشی لۆجستی دەکەن.
- **سەرچاوە مرۆییەکان:** بەرپرسە لە دابینکردنی یارمەتی لە ئەرکە جۆراوجۆرەکانی سەرچاوە مرۆییەکان کە دامەزراندن و دابەش کردنی فەرمانبەرو خوول کردنەوەو چاودێری کردن و ئامۆژگاری لە خۆ دەگرێت.
- **راوێژکاری یاسایی:** بەرپەرسە لە پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و راوێژی یاسایی بۆ ئەو دەزگایەی کاری بۆدەکات لەسەر هەر بابەتێکی یاسایی و یارمەتی دەدات لە دروست کردنی گرێبەست و سیاسەت و توێژینەوە.
- **پارێزەری کۆگا:** بەرپرسە لە بەرێوەبردن و ڕێکخستنی شتومەکەکانی نێو کۆگا بە شێوەیەکی رۆژانە (تۆماری شتومەکی ئێستا و گوێزراوە دەکات)
- **پاککەرەوە:** بەرپرسە لە پاك ڕاگرتنی ئەو دەزگایەی کە کاری بۆ دەکات.
- **کرێکار:** بەرپرسە لە یارمەتیدانی کەسانی بازرگان گۆڕەپانی کار بەئەنجامدانی کاری جەستەیی و دەستی بۆیان.
- **شوفێر:** بەپرسە لە گواستنەوەی خەلك و کەل وپەل.
- **پاسەوان:** بەرپرسە لە پاراستنی ئاسایشی ئەو بینایەی پێی سپێردراوە. کاریان بریتیە لە دەستنیشانکردنی مەترسیەکان و قەدەغەکردن و هەوڵدانی هەر تاوانێك کە لەوانەیە ئەنجامبدرێت.

## 2.3.3 كارامەییە پێویستەكان

ئـەو كارامەییانـەی پەیوەندیـدارە بـە لایەنـی بازرگانیـەوە زیاتـر بریتیـن لـە زمـان و كۆمپیوتـەر. لەگـەل ئەوەشـدا بڕوانامـەی بەكالۆریـۆس لەوانـە پێویسـت بـكات بـۆ هەنـدێ پۆسـتی وەكـو ژمێریـار. بـەلاَم بـۆ شـتە گشـتیەكانی تـری وەكـو كارمەنـدی پێشـوازی و سـكرتێر و پاككـەرەوە و كرێـكار و شـوفێر و پاسـەوان ئـەوا هەمـان كارامەییـان دەوێـت كـە لـە بەشـی گەشـت و گـوزار و بنیاتنـان ئامـاژەی پێكـراوە. بڕوانامـەو هەنـدێ ئەزموونـی یاسـایی پێویسـتە بـۆ راوێـژكاری یاسـایی.

## هەلەكانی تری تێكەڵبوونەوە

### سەنتەری خول و تەكنەلۆجیای ئەوروپی (ETTC)

**(ETTC) هەلدەستێ بە پێشكەش كردنی 5 جۆر خزمەتگوزاری:**

- **كۆرسی كۆمپیوتەرو زمانی ئینگلیزی**
  - 3 مانگ كۆرسی ئینگلیزی دەخوێنێت بە پێی ئاستەكەی خۆت
  - 3 مانگ كۆرسی كۆمپیوتەر دەخوێنێت لەگەل بەرنامەكانی ئۆفیس

- **خوولی پیشەیی**
  - میكانیكی ئۆتۆمبیل (8-12 بەشداربوو)
  - لەحیم كردن (8-12 بەشداربوو)
  - كارەبا (8-12 بەشداربوو)
  - چێشتلێنان (8-12 بەشداربوو)
  - شاگردی چێشتخانە (8-12 بەشداربوو)
  - كارگوزاری (8-12 بەشداربوو)

**دەست پێكردنی پرۆژە**

- ئەمە كۆرسێكی 3 هەفتەییە بۆ 8-10 بەشداربوو كە ئەم بابەتانەیان پێ دەووترێت:
  - بنەماكانی كار
  - قازانجی كارو پرۆژەكان
  - پێشەكی دەربارەی بازاڕەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق
  - پێشەكی دەربارە بابەتە یاساییە سەرەكیەكان
  - سەردانی مەیدانی
  - دروستكردنی پلانی كار (پرۆژە)

**پێشانگای كار**

- ئەم كارە ئەنجام دەدرێت بۆ 15 تا 100 كەس كەكۆدەبنەوە لەگەڵ كۆمپانیاكانی كەرتی تایبەت (ناوەخۆ و نێودەوڵەتی) كە پۆستی بەتاڵ و ئەزموون و شارەزایی ئاڵوگۆر دەكەن.

كۆرسی پێشكەش كردنی كار

ئەمە كۆرسێكی دوو هەفتەییە بۆ 8-16 بەشداربوو بەمەبەستی راهێنانیان لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە:

- گەڕان بەدوای پۆستی بەتاڵ و كار لە حكومەتی هەرێم
- نوێكردنەوەی سیڤی
- ئامادەكردنی بەرگەنامە
- چۆنیەتی ئەنجامدانی چاوپێكەوتن
- ڕێنمایی دەربارەی ئەوەی چۆن خۆت و كارامەییەكانت پێشكەش دەكەیت.

**بۆ پەیوەندی کردن:**

بەڕێوەبەری جێبەجێکار
ETTC هەولێر عیراق
گەڕەکی نەورۆز نزیك شارەوانی 6
drei@ettc-iraq. net
+964 (0) 750 423 57 67

## پەیمانگەی ئایندەی گەش

ئەم پەیمانگەیە قەرز پێشکەش دەکات لە 500 بۆ 10000 دۆلاری ئەمریکی بە سوودی 9%. ماوەی گەڕانەوەی 12 مانگە.

**بۆ پەیوەندی کردن:**

هەولێر – گەڕەکی زانیاری (تەنیشت بانکی دێدەوان)
+964 (0) 750 984 64 97

## بانکی الثقە

ئەم پەیمانگەیە قەرز پێشکەش دەکات لە 500 بۆ 5000 دۆلاری ئەمریکی بە سوودی 12%. ماوەی گەڕانەوەی 12 مانگە.

**بۆ پەیوەندی کردن:**

هەولێر شەقامی 60 مەتری تەنیشت چێشتخانەی فاڕوق
+964 (0) 66 253 12 90

# سلێمانی




## بۆ پەیوەندی کردن

### IOM عێراق

سلێمانی شەقامی سالم , پردی خەسرەو خاڵ
بیناکانی گەلەری رەند , نهۆمی 4 – شوقەی ژمارە 2
ئیمەیل: magnetsuly@iom.int
تەلەفۆن: 28 11 819 770 (0) 964+
مۆبایل: 25 11 819 770 (0) 964+

### نووسینگەی کۆچ و کۆچبەران

سلێمانی: بازنەی مەلیك محمود
بەرامبەر مزگەوتی شیخ سەعیدی پیران
ئیمێل: immigrationsul@yahoo.com
تەلەفۆن: 31 99 214 770 (0) 964+
مۆبایل : 75 67 155 750 (0) 964+



IOM© , سلێمانی

## زانیاری گشتی

### 1.1 جوگرافیا و دانیشتوان

سلێمانی کەوتۆتە باکووری رۆژهەلاتی عێراق و سنووری هاوبەشیان هەیە لەگەڵ ئیران لە رۆژهەلات و لە ناوەوەش لەگەڵ هەولێر و کەرکوك و دیالەو سەلاحەددین.

بە پێی ئامارەکانی بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی, دانیشتوانەکەی نزیکەی 1800000 کەس دەبێت و (6% ی ژمارەی دانیشتوانی عێراق پێك دەهێنێت). یەکێك لە شارە گەورەکانی عێراق کە پلەی پێنجەمی وەرگرتووە لە رووی دانیشتوانەوە. 70% ی دانیشتوانی شار نشین و 30% گوندنشین , نزیکەی نیوەی دانیشتوانی سلێمانی لە قەزاو ناحیەکان دەژین (737135 کەس).

شاری سلێمانی بە مەڵبەندی کلتوری و لەهجەی کوردی سۆرانی لە کوردستان دادەنرێت, بەشێوەیەکی فەرمی بە پایتەختی رۆشنبیری باشووری کوردستان ناوزەند کراوە, ئەم شارە بەکراوەیی و لیبراڵ وپەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز ناسراوە بە بەراورد بە شارەکانی تری کوردستان.

ئابووری سلێمانی خالی بەهێزی هەیە بەهۆی بوونی ئاوی سروشتی و ئاوو هەوایەکی خۆش و بارودۆخی ئاسایشی سەقامگیر لە شارەکە. ژمارەیەکی کەم لە دانیشتوانی سلێمانی لە هەژارەکانی عێراقن (3%) لەبەرئەوەی پارێزگاکە کارامەیی باش نەبووە بەگوێرەی هەندێ لە ئامارەکانی مرۆیی و پەرەپێدان (پەروەردە, تەندروستی, مافی ئافرەت) .

## 1.2 کار

بە پێی زانیاریەکانی بەڕێوەبەرایەتی خوولی پیشەیی لە سلێمانی, ڕێژەی بێکاری 12% یە لە پارێزگای سلێمانی و 10% یە لە شاری سلێمانی. ئەم بەڕێوەبەرایەتیە نزیکەی 52000 کەسی وەکو بێکار تۆمارکردووە لە ساڵی 2013. بێکاری لەنێو گەنجانی تەمەن 16 بۆ 20 ساڵ ئێستا نزیکەی 6%. کەرتی گشتی دەتوانێت 1/3 کارکەران دابمەزرێنێت.

لە بەهاری 2003 ەوە باری ئابووری هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو پێش چووە و هەلی کاری زۆر رەخسا. لەکەرتی گشتی مووچە بەرزبووەوە و لەکەرتی تایبەتیش هەلی کار زیادی کرد. ئەمەش لەبەر ئەو وەبەرهێنانە بوو کە حکومەت پیادەی دەکرد بۆ گەشە پێدانی ناوخۆ و سەرنجراکێشانی کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان لە ڕێگەی سیاسەتی سادەوە سەربەخۆ و ئەو سەقامگیریەی کە ناوچەکە بەخۆوەی بینیوە. بە گوێرەی زانیاریەکانی یەکێتی بەڵێندەرانی سلێمانی, کەرتی تایبەتی بووژایەوە لە ڕێگەی پرۆژەکانی بنیاتنان لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتیدا.

بەگوێرەی زانیاریەکانی IOM ژمارەی ئاوارەکانی ناوخۆ زیادی کردووە بە شێوەیەکی بەرچاو لە سەرەتای 2006 بە هۆی ئەو هەڕەشەو توندوو تیژیەی کە لە دەرەوەی هەرێم ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەم زۆربوونەی دانیشتوان کاری کردە سەکتەری کارکردن و کرێی کاری رۆژانە 10% هاتە خوارەوە. هەندێ کاری هەرزان کەوتە دەست کرێکاری ناشارەزای دەرەکی کە کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان بەکاریان دەهێنان و هەروەها ئەو کرێکارە ناشایستانەی کە لە ناوەراست و باشووری عێراقەوە هاتبوون. ئەوانە بە پارەیەکی کەم و لە بارووذۆخێکی قورستر کاریان دەکرد لەوەی کە خەلکی هەرێم دەیان کرد. لە هەمان کاتدا هەرێم سوودی لە هەندێ تایبەتمەندی کەسانی ئاوارە وەرگرتبوو کە شارەزایی و ئەزموونیان هێنابوو بۆ کوردستان کە بووە هۆی گەشەی ئابووری.

بە پێی زانیاریەکانی یەکەی شیکاری زانیاری نێو دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان, ڕێژەی بێکاری زۆر بەرزە لە نێو ئافرەتاندا (27%). ئەو ڕێژە کەمەی ئافرەتان کاردەکەن لە دەرەوەی کشتوکال لەگەل ئەو ڕێژە کەمەی هەلی کار لە کەرتی گشتی بۆ ئافرەتان ئاماژەن بۆ ئەوەی کەوا بەربەست هەیە بۆ کارکردنی ئافرەتان لە سەکتەرەکانی جگە لە سەکتەری کشتوکاڵ. 75% لە ئافرەتانی بەتوانا لە کەرتی گشتی کاردەکەن بە مووچەیەکی کەمتر لە پیاوان. ئاستی پەروەردەیی بە گشتی لە خوارەوەی خالی ناوەراستە و ڕێژەی نەخوێندەواری ئافرەتان نزیك دەبێتەوە لە 50% لە هەموو ناوچەکان جگە لە سلێمانی و هەلەبجە نەبێت. وەهەروەها ئەو ڕێژەیە لە سەرووی 25% بۆ پیاوان لە ناوچەکانی پێنجوێن و پشدەر و کفری و چەمچەماڵ.

# سەکتەرە سەرەکیەکانی کار

## 2.1 گەشت و گوزار

### 2.1.1 وەسفی سەکتەرەکە

کوردستان بەتایبەتیش سلێمانی بووەتە شوێنی ئارام و سەرنجراکێش بۆ گەشتیارانی عیراقی و ناعێراقی پێکەوە لەبەر جوانیەکەی و سەقامگیریەکەی. ئەو ناوچەیە شوێنێکی زۆر گونجاوە بۆ ئەو کەسانەی کە بەدوای دیمەنی دەست لێنەدراوی چیاکان و شوێنەواری دێرین دا دەگەڕێن. بە پێی زانیاریەکانی بەڕێوەبەرایەتی گەشت و گوزاری سلێمانی, پارێزگاکە توانیویەتی سەرەنجی 1,490,089 گەشتیار بۆلای خۆی رابکێشێت لە 2012 دا. ئەو سەکتەرە لە بوژانەوەیەکی ڕێك و پێکدایە شان بەشانی ژێرخانەکانی تری وەکو سینەمای نوێ و پارکی کات بەسەر بردن و مۆزەخانەو گەلەری کەلتووری. مۆزەخانەی سلێمانی دووەم گەورەترین مۆزەخانەی عێراقە دوای مۆزەخانەی نیشتیمانی لە بەغدا. پایتەختیش وەکو سلێمانی بۆتە شارێکی گەورە و فرۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی تیایە کە گەشتە راستەوخۆکانی ئەنجامدەدات بۆ ئەستەنبوڵ و بەیروت و قاهیرەو دوبەی و ئوردن و سوید و یۆنان و ئەڵمانیا و شارە سەرەکیەکانی عێراق.

بە پێ ی زانیاریەکانی بەڕێوەبەرایەتی گەشت و گوزاری, سلێمانی پێشوازی لە زیاتر لە 1,744,602 گەشتیاری بیانی کردووە لە 2013 زۆربەیان بەهۆی نزیکی شوێنیان و یاسای یاریدەدەر هاندراون بۆ سلێمانی. ساڵانە ئاهەنگەکانی نەورۆز

خەڵکێکی زۆری ئیرانی رادەکێشێت بۆ ئەوەی یادی نەورۆز بکەنەوە لەگەڵ عەرەبەکانی ناوچەکانی تری عێراق. لەکاتی هاوین و گەرم و دوورو درێژ, سەردانکەرەکان کاتێکی فێنك و خۆش بەسەر دەبەن لە پاڵ گردە گەشتیاریەکانی کوردستان.

لە ساڵی 2004 ەوە میوانخانەکان ڕوویان لە زیادبوون کردووە. شاری سلێمانی سێ هوتێلی 5 ئەستێرەو حەوت هوتێلی 4 ئەستێرەی هەیە و 18 هوتێلی سێ ئەستێرەو 30 هوتێلی یەك یان دوو ئەستێرەیی هەیە. هەروەها 42 مۆتێل و 25 گوندی گەشتیاری و 121 چێشتخانە و زیاتر لە 100 دووکانی خواردنی خێرای هەیە.

وەکو بەڵگەیەك بۆ چالاکی ئەم کەرتە, فامیلی مۆل و ماجدی مۆڵ لەناوەڕاستی 2015 دەکرێنەوە, هەروەها هوتێلێکی تری پێنج ئەستێرەیی وسوپەرمارکێتێکی گەورە و چێشتخانە لە نزیك هوتێل سلێمانی پالاس دەکرێتەوە

## 2.1.2 پۆستە پێشبینیکراوەکان

ئەم پۆستانەی خوارەوە دیارترین کارەکانن کە ئەم سەکتەرە دەتوانێت دابینیان بکات و دەکرێت دەستکەون لە هوتێلەکان و چێشتخانەکان و گوندەکانی گەشتیاری:

- **کارمەندی پێشوازی:** بەرپرسە لە ئەرکە کارگێریە گشتیەکانی ئۆفیسەکە وە چالاکیەکانی تری وەکو (وەڵامدانەوەی پرسیاری خەلکی و ڕێنیشاندانیان و ئیمێل ڕێکخستن و وەڵامدانەوەی تەلەفۆنەکان و ڕێکخستنی چاوپێکەوتنەکان).
- **بەڕێوەبەری گشتی:** کەسێکی جێبەجێکارە لە لیژنە ئیداریەکان و ئەرکی سەرەکی بریتیە لە سەرپەرشتی کردنی هەموو کارو چالاکیەکانی ڕێکخراوەکە.
- **بێڵبۆی:** بەرپرسە لە پێشوازی کردنی میوانان و هەلگرتنی شتوومەك و جانتاکانیان و ڕێگانیشاندانیان بۆ شوێنەکانی خۆیان.
- **شاگرد:** بەرپرسە لە خزمەتکردنی میوانانی چێشتخانە یاخوود هەرشوێنێکی تری پێشکەش کردنی خواردەمەنی. هەڵدەستن بە کارەکانی پاکردنەوەو وەرگرتنی ویستی میوانان و ئامادەکردنی وەصل.
- **شێف:** بەرپرسە لە چاودێری کردنی ئامادەکردنی خواردن و ژەمەکان و لەوانەیە بەرپرسی کۆمەڵێك لە کرێکار بێت وەکو شاگرد و چێشتلێنەر و قاپ شۆرو ستافی تر.
- **چێشتلێنەر:** بەرپرسە لە ئامادەکردنی چێشت و لیستی ژەمەکان لە هوتێل و چێشتخانەو شوێنەکانی تر.
- **پاککەرەوە:** بەرپرسە لە پاك ڕاگرتنی ئەو دەزگایەی کە کاری بۆ دەکات .
- **شوفێر:** بەرپرسە لە گەیاندنی ستاف و کەل و پەلەکان.
- **ستافی چاکردنەوە:** بەرپرسن لە چاکردنەوەی خێرایی کەل و پەلەکانی ناو هوتێل.

## 2.1.3 کارامەییە پێویستەکان

کارمەندی پێشوازی: ڕووی دەرەوەی پەیوەندی کردن و مامەڵەکردنە لەگەڵ خەلك و میوانان. پێویستە زمان و ئەتەکێتی مامەڵەکردن بزانێت.

- **بەڕێوەبەری گشتی:** بڕوانامەی کار یاخوود ئەزمون و کارامەیی لە ڕابەرایەتی و بەڕێوەبردن.
- **بێڵبۆی و پاککەرەوەو ستافی چاککردنەوە:** پێویست بە هیچ کارامەییەك ناکات.
- **شاگرد:**هەلسوکەوتی ڕێك و پێك و کارامەییەکانی مامەڵەکردن (ئارامی و پەیوەندیکردن).
- **شێف:** 3-4 ساڵ ئەزموونی چێشت لێنان.

## 2. 2 بنیاتنان

### 2.2.1 وەسفی سەکتەرەکە

پرۆسەی بنیاتنانی گشتگر پێویستی بە شارەزایی هەیە بۆ دروست کردنی خانووی نیشتەجێبوون و بینای گشتی. کارەکە لە لایەن بەرێوەبەری پرۆژەو بەرێوەبردرێت و سەرپەرشتی دەکرێت لەلایەن ئەندازیاری دیزاینەرو ئەندازیاری بیناسازی و ئەندازیاری بنیاتنان. بۆ جێبەجێکردنێکی سەرکەوتوو بۆ پرۆژەکە, پلاندانانی کاریگەر پێویستە لەگەڵ خشتەدانان و بودجەدانان و دەست نیشان کردنی سەلامەتی شوێنی کار و بوونی کەل و پەلی بنیاتنان و لۆجستی و کەمکردنەوەی گشتی. هەموو ئەم کارانە پێویستیان بە ستافی جۆراوجۆر و توانا جیاواز هەیە.

بە گوێرەی زانیاریەکانی یەکێتی بەڵێندەرانی سلێمانی,[2] 992 کۆمپانیای بنیاتنان هەیە لە پلە یەکەوە تا پلە پێنج. ئەو کۆمپانیایانە بەشدارن لە پرۆژەکانی بنیاتنان لە گوندەکانی نیشتەجێبوونەوە تاکو مۆڵ و هۆتێل و خانووی هاولاتیان.

### 2.2.2 پۆستە پێشبینیکراوەکان

لەگەڵ بوژانەوەی سەکتەری بنیادنان زۆر دەرفەتی کار پەیدا بوون:

- **ئەندازیاری شارستانی:** بەرپرسە لە دروست کردنی دیزاینی پرۆژەکان و چاودێری کردنیان.
- **ئەندازیاری کارەبا:** بەرپرسە لە دیزاین کردنی سرکێتەکانی کارەبایی پرۆژەکەو سەرپەشتی کردنی جێبەجێکردنی پلانی کارەبایی پرۆژەکە
- **بەرپرسی دارایی:** بەرپرسە لە بەرێوەبردنی سەرچاوە داراییەکانی پرۆژەو خەزێنەو بەکارهێنانیان بە باشترین شێوە (ئامادەکردن و جێبەجێکردنی بودجەو کاروبارە داراییەکان و راپۆرتی دارایی) بۆ پرۆژەی بچووك و گەورە.
- **کارگێر:** بەر پرسە لە دڵنیابوون و راپەراندتی کاروبارە کارگێریەکانی کۆمپانیا و (نووسراو ئامادەکردن و کاروباری یاسایی و دامەزراند ن و ئامادەکردنی چالاکیەکان)
- **چاودێر:** بەرپرسە لە سەرپەرشتی کردنی کاری رۆژانەی تیمە بچووکەکان بۆ ئەوەی دڵنیابێتەوە کە پرۆژەکە بە رێك و پێکی بەرێوە دەچێت.
- **کرێکار:** بەرپرسە لەیارمەتیدانی کەسی بازرگان لەمەیدانی کار بەئەنجامدانی کاری جەستەیی ودەستی بۆیان.
- **دارتاش:** بەرپرسە لە بەستنی قالبەکانی سەقف.
- **کارەباچی:** بەرپرسە لە چاککردنەوەی ئامێری کارەبایی وەکو گلۆب و تەلەفزیۆن و ساردکەرەوە (ئەم کارە زیاتر پێویستە لە هوتێل و موَتێلەکان).
- **شوفێر:** بەرپرسە لە گواستنەوەی خەلك و کەل وپەل .
- **پاسەوان:** بەرپرسە لە پاراستنی ئاسایشی ئەو بینایەی پێی سپێردراوە. کاریان بریتیە لە دەستنیشانکردنی مەترسیەکان و قەدەغەکردن و هەوڵدانی هەر تاوانێك کە لەوانەیە ئەنجام بدرێت.

(2) لە کانوونی یەکەمی ساڵی 2014 وە

### 2.2.3 كارامەیيە پێویستەكان

- **ئەندازیاری شارستانی:** ئەزموون و بڕوانامەی ئەندازیاری شارستانی.
- **ئەندازیاری هونەری:** بڕوانامە.
- **دارایی:** بڕوانامە.
- **ئەندازیاری كارەبایی:** بڕوانامەو زانیاری تیۆری دەربارەی سركێتەكانی كارەبا وهەروەها زانیاری تەواوی هەبێت سەبارەت بە بنەما سەرەكیەكانی كاركردنی كارەبا.
- **كارەباچی:** دەرچووی ئامادەیی كارەبا بێت.
- **كارگێر:** بڕوانامەی كارگێری و بەلای كەم دوو ساڵ ئەزموون.
- **دارتاش:** 4 ساڵ ئەزموون لە بەستنی سەقفەكان
- **شوفێر:** مۆڵەتی شوفێری گشتی لە زۆربەی كەیسەكان پێویست دەكات, بەڵام هەندێك كار پێویستی بە مۆڵەتی تایبەتی هەیە (وەكو شوفێری بەرێوەبەر و ئەندازیارەكان).
- **كرێكار و پاسەوان:** پێویستیان بە هیچ كارامەییەكی تایبەت نیە.

## 2.3 بازرگانی

### 2.3.1 وەسفی سەكتەرەكە

كاری بازرگانی لە هەرێمی كوردستان دەگەڕێتەوە بۆ 6000 ساڵ پێش ئێستا. بازرگانی سەكتەرێكی زیندووە ئابووری هەرێمی كوردستانەو (بەتایبەتی لە كەرتی تایبەت) یارمەتی بووژانەوەی پرۆژەی بچووك و مامناوەند دەدات.
بازرگانی گەشەی كردووە لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ئاستی ئابووری لە هەرێمی كوردستانەوە. ئامێر و كەل و پەلی ناو ماڵ بە شێوەیەكی بەردەوام خواستنی لەسەر بووە. لەگەل ئەمەش سەقامگیری كوردستان بۆتە هۆی سەرنجڕاكێشانی وەبەرهێنەرانی دەرەكی كە بەراستی یارمەتیدەربوون بۆ تێگەیشتن و بەرەو پێش بردنی ژینگەی كارو ئابووری لە هەرێم.
ئەمە سەكتەرێكی سەرەكیەو زیاتر لە 480 كۆمپانیای بازرگانی گشتی تۆماركراون لەسلێمانی بەگوێرەی ژووری بازرگانی سلێمانی (2014). وە بینایەكی بازرگانی نوێ و دوو مۆڵی گەورە بەم زووانە دەكرێنەوە لە سلێمانی و دەرفەتی كاری زۆرتر دەرەخسێ.

### 2.3.2 پۆستە پێشبینیكراوەكان

هەلی كاری زۆر هەیە لەنێو ئەو كۆمپانیا بازرگانیانە

- **بەرێوەبەری گشتی:** كەسێكی جێبەجێكارە لە لیژنە ئیداریەكان و ئەركی سەرەكی بریتیە لە سەرپەرشتی كردنی هەموو كارو چاڵاكیەكانی رێكخراوەكە.
- **بەرپرسی دارایی:** بەرپرسە لە بەرێوەبردنی سەرچاوە داراییەكانی پرۆژەو خەزێنەو بەكارهێنانیان بە باشترین شێوە (ئامادەكردن و جێبەجێكردنی بودجەو كاروبارە داراییەكان و راپۆرتی دارایی) بۆ پرۆژەی بچووك و گەورە.
- **كارمەندی فرۆشتن:** بەرپرسە لە یارمەتیدانی كریاران و چاو پیاخشاندنەوەی لیستەكان و پاراستنی ستاندەری كۆگاكردن و پاكراگرتن و هەوڵدان و بەرێوەبەربردنی كۆگا و پێداویستیەكانی.
- **پارێزەری كۆگا:** بەرپرسە لە بەرێوەبردن و رێكخستنی شتومەكەكانی نێو كۆگا بە شێوەیەكی رۆژانە (تۆماری شتومەكی ئێستا و گوێزراوە دەكات) .
- **كارگوزار:** بەرپرسە لە پاككڕاگرتنی ئەو دامەزراوەی كاری بۆ دەكات و هەروەها دابین كردنی كەل و پەلی پێویست و چاكردنەوەی شتەكان و دانانی قەرەوێلەو حەمام و دابین كردنی كەل و پەلی پێویست بۆیان. لەزۆر شوێن كاردەكەن بەتایبەتی لە هۆتێل و گوندەكانی گەشتیاری.
- **ستافی چاكردنەوە:** بەرپرسن لە چاكردنەوەی خێرایی كەل و پەلەكانی ناو هوتێل.
- **پاسەوان:** بەرپرسە لە پاراستنی ئاسایشی ئەو بینایەی پێی سپێردراوە. كاریان بریتیە لە دەستنیشانكردنی مەترسیەكان و قەدەغەكردن و هەوڵدانی هەر تاوانێك كە لەوانەیە ئەنجامبدرێت.
- **شوفێر:** بەپرسە لە گواستنەوەی خەلك و كەل وپەل.

### 2.3.3 کارامەییە پێویستیەکان

- **بەڕێوەبەری گشتی:** بڕوانامەی کار و ئەزموون و کارامەیی لە بەڕێوەبردن و رابەرایەتی.
- **بەرپرسی دارایی:** بڕوانامە.
- **شـوفێر:** مۆڵەتـی شـوفێری گشـتی لـە زۆربـەی کەیسـەکان پێویسـت دەکات, بـەڵام هەندێـك کار پێویسـتی بـە مۆڵەتـی تایبەتـی هەیـە (وەکـو شـوفێری بەڕێوەبـەر و ئەندازیـارەکان).
- **کارمەندی فرۆشتن:** هەڵسوکەوتی جوان و تواناکانی پەیوەندی کردن.

## 2.4 کشتوکاڵ

### 2.4.1 وەسفی سەکتەرەکە

هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق مێژوویەکـی دێرینـی هەیـە لـە بـواری کشـتوکاڵ. دەشـتی شـارەزوور یەکێکـە لـە بەپیتریـن زەوی جیهـان. پێـش 1980 کشـتوکاڵ کەرتێکـی سـەرەکی هەرێـم بـوو بەهـۆی ئـاوو هـەوا گونجـاوەی کـە هەیبـوو بـۆ گەشـەی سـەوزەو میـوە.

کشـتوکاڵ هێشـتا توانـای ئـەوەی تێـدا مـاوە بگەڕێتـەوە بـاری خـۆی لـە سـلێمانی. حکومەتـی هەرێـم هەوڵـدەدات هانـی ئـەو خەڵکانـە بـدات کـە لـە گوندەوە کۆچیـان کـردووە بـۆ شـار بـۆ ئـەوەی بیان گەڕێنیتـەوە بـۆ شـوێنی خۆیـان بـۆ ئـەوەی دەسـت بـە چاڵاکـی کشـتوکاڵ بکـەن, بـەڵام داهـات و ژێرخانـی گونـدەکان هێشـتا لاواز و کەموکـوڕی هەیـە. لەئەنجامـدا, گەنجـەکان ئێسـتا لـە سـەنتەری شـارەکان نیشـتەجێبووینەو بەتەمەنەکانیـان لـە گونـد جێهێشـتووە. بەبـێ بوونـی سـەکتەرێکی بەهێـز و زینـدووی کشـتوکاڵ, کۆچکردنـی هاوڵاتیـان لـە گووندەکانـەوە بـۆ شـارەکان بـەردەوام دەبێـت و کێشـە کۆمەڵایەتیـەکان زیاتـر دەکـەن لـە هەرێـم و لـە وولات دا و کاریگـەری دەبێـت لەسـەر ڕێـژەی بێـکاری.
بـە پـێ ی زانیاریەکانـی بەڕێوەبـەری کشـتوکاڵ, حکومـەت قـەرزی درێژخایـەن و تراکتـۆرو ئامێـری تـری کشـتوکاڵی و پەینـی کیمیـاوی و تـۆی کوالیتـی بـەرز دابیـن دەکات و یارمەتـی جوتیـاران دەدات لەپێدانـی کرێـی گواسـتنەوەی بەرووبوومەکانیـان بـۆ بـازاڕ.
داخـوازی هاوڵاتیـان بـەردەوام گەشـەی کشـتوکاڵی بـەرەو پێـش دەبـات بەتایبەتـی سـەوزەو میـوەو کـە بۆتەهـۆی دروسـت کردنـی زیاتـر لـە 5000 خانـووی شووشـەیی لـە سـلێمانی, بـە پێـی زانیاریەکانـی بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی پلانـی کشـتوکاڵی. هەروەهـا 6657 بەخێوکـەری مێـش هەیـە لـە هەرێمـی کوردسـتان کـە نزیکـەی 119 تـەن هەنگویـن بەرهەمدێنـن سـاڵانە.

### 2.4.2 پۆستە پێشبینیکراوەکان

ژمارەیەکی زۆر هەلی کار هەیە لەو سەکتەرە:

- **جووتیاری بەخێوکەری مەڕ:** چاودێری کردنی کێلگەو و بەخێوکردنی مەڕ (جێبەجێکردنی پلانی بەڕێوەبردنی بەخێوکردنی مەڕ رۆژانە)و چاککردنی بەرووبوومی کێلگە.
- **جووتیاری شیرەمەنی:** بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی ئاژەڵەکانی کێلگە (چێڵ و مەڕو بزن) بۆ زیاتر کردنی بەرهەمهێنانی شیر.
- **جووتیاری ماسی:** بەرپرسە لە سەرپەرشتی کردنی کێلگەکانی ماسی و جێبەجێکردنی پلانی بەڕێوەبردنی (چاودێری کردن و پاراستن و گەشە و کاتی فرۆشتن و چەندێتی) .
- **دیزاینەری شیتی پلاستیکی:** بەرپرسە لە دەستنیشانکردنی زەوی گونجاو بۆ خانووی شووشەیی. بڕیاردان لەسەر سیستەمی ئاودانی خانووە شووشەییەکان لەگەڵ پلەی گەرمی و سەرپەرشتی کردنی گەشەی دروست.
- **دیزاینەری باخچە:** بەرپرسە لە دیزاین کردن و دابەش کردنی زەوی و بڕیاردان لە باشترین سیستەمی ئاودان.
- **شوفێر:** بەرپرسە لە لێخوڕینی ئوتۆمبیل و ئامێرەکانی کێلگە و گواستنەوەی کرێکارەکانی کێلگەو کەلوپەلەکان و گواستنەوەی بەرووبوومەکانی کێلگە بۆ شوێنی خۆی.
- **جووتیاری پەلەوەر:** بەرپرسە لە سەرپەرشتیاری کردنی کێلگەکانی پەلەوەرو چاودێری کردنی تایبەتی بۆ گەشە و پاراستنی مریشك و بەرهەمهێنانی هێلکە.

- **مێش بەخێوکەر:** بەرپرسە لە سەرپەرشتی کردنی پلاندانانی مێش بەخێوکردن و بەرهەمهێنانی هەنگوین و دانانی پلانی بەڕێوەبردنی پاراستن و چاودێری کردن و گەشەی مێشەکان.
- **جووتیاری گوڵ:** بەرپرسە لە سەرپەرشتی کردنی کێلگەکانی پەرەپێدانی بەرهەمی گوڵ و جێبەجێکردنی پلانی بەڕێوەبردنی فرۆشتنی بەرهەمەکان.
- **جووتیاری دارستان:** بەرپرسە لە پاراستن و چاودێری کردنی دارستانەکانی حکومەت.
- **دیزاینەری کێلگەو خانووی شووشەیی:** بەرپرسە لە دیزاین و ڕێکخستنی ژێرخانی کشتوکاڵی بۆ سەکتەرەکانی بەرهەمهێنان و خانووی شووشەیی.
- **کرێکاری کشتوکاڵی:** بەرپرسە لە یارمەتیدانی جووتیاران کاتێك کە دەستی کار پێویست دەبێت لە سەکتەرەکانی بەرهەمهێنان.

### 2.4.3 کارامەییە پێویستیەکان

- **جووتیاری بەخێوکەری مەڕ:** بڕوانامەی سامانی ئاژەڵ یان ئەندازیاری کشتوکاڵ یان پاشخانی سامانی ئاژەڵ.
- **جووتیاری شیرەمەنی:** بڕوانامەی بەرووبوومی ئاژەڵی یان 5 ساڵ ئەزموون .
- **جووتیاری ماسی:** بڕوانامەی سامانی ئاژەڵ یان ئەندازیاری کشتوکاڵ یان پاشخانی سامانی ئاژەڵ.
- **دیزاینەری شیتی پلاستیکی:** بڕوانامەی ئەندازیاری کشتوکاڵی.
- **دیزاینەری باخچە:** بڕوانامەی ئەندازیاری کشتوکاڵی و کارامەیی کۆمپیوتەر.
- **شوفێر:** مۆڵەتی شوفێری گشتی لە زۆربەی کەیسەکان پێویست دەکات, بەڵام هەندێك کار پێویستی بە مۆڵەتی تایبەتی هەیە (وەکو شوفێری بەڕێوەبەر و ئەندازیارەکان).
- **جووتیاری پەلەوەر:** بڕوانامەی سامانی ئاژەڵ یان ئەندازیاری کشتوکاڵ.
- **مێش بەخێوکەر:** بڕوانامەی ئەندازیاری کشتوکاڵی یا تەندروستی بۆ ی چاودێری بەرهەمهێنانی هەنگوین بکەن.
- **جووتیاری گوڵ:** بڕوانامەی ئەندازیاری کشتوکاڵ و خوول و ئەزموون لەم بارەیەوە.
- **جووتیاری دارستان:** پێویست بە هیچ کارامەییەك ناکات.
- **کرێکاری کشتوکاڵ:** هیچ کارامەیی پێویست نیە تەنها جەستەیەکی باش.

## دەرفەتەکانی تری تێکەڵبوونەوە

### سەنتەرەکانی خوول و قەرزی بچووك

### بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزاری سلێمانی کۆرسی گەشتیاری کردۆتەوە بەتایبەتی بۆ هەلی کار بۆ نیو هۆتێلەکان و مۆتێلەکان و گوندە گەشتیاریەکان و چێشتخانەکان.
یەکەم خوول کە ئەنجامی دەدات دەربارەی کاری پێشوازی کردنە بۆ فێربوونی بەشداربووان کە چۆن سەرەنجی خەلکان رادەکێشن بۆ خۆیان. دواتر خوول دەکاتەوە بۆ کارگێران و بێڵبۆی و شاگرد و.. هتد بۆ ئەوەی هەموو کارەکانی کەرتی گەشتوو گوزار لەخۆ بگرێت. خوولەکە بە خۆڕاییەو ماوەکەی یەك هەفتە دەبێت و لە هۆتێلی چوارباخ بەڕێوەدەچێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزار.

**بۆ پەیوەندی کردن:**

گەرەکی سەرچنار - بەرامبەر بەنزینخانەی سەرچنار , بەشی میدیا
+964 (0) 53 318 38 80

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ

ناوە ناوە خوول دەکاتەوە بۆ ئەوانەی کاردەکەن لە بەرووبوومی سەوزەو ئاژەڵ وە ئەوانەش هاوکاری دەکەن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کشتوکاڵی دەکەن

**بۆ پەیوەندی کردن:**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ - بەشی پلاندانان
سلێمانی - گردی علی ناجی
+964 (0) 53 320 39 86
+964 (0) 53 321 03 47

## بەڕێوەبەرایەتی دامەزراندن و خوولی پیشەیی

هەلدەستێ بە پێدانی قەرزی بچووک تا 13000 دۆلار بۆ پرۆژە بچووکەکان. بێجگە لەمانەش بەشێکی هەیە بۆ دۆزینەوەی کار بۆ ئەوکەسانەی بەدوای کار دەگەڕێن و ناوی خۆیان تۆمارکردووە لە بەرێوەبەرایەتیەکە بە خۆرایی.

**بەرێوەبەرایەتیە کە خوول دەکاتەوە دەربارەی:**

- کۆمپیوتەر
- بەرزکردنەوەی تواناکان
- لەحیم
- دروومان
- ساردکەرەوەو سیستەمی ساردی

بەرێوەبەرایەتیەکە  ووٚرك شۆپێکی هەیە بۆ ئەو خوولانەی پێویستیان بە هەندێ کەرەستە هەیە. بۆ هەر جۆرێکی تری خوول بەرێوەبەرایەتیەکە راهێنەرو کەل و پەلەکان ئامادە دەکات. وە ئەو لایەنەی تر کە بە خوولەکە هەلدەستێت دەبێت خەرجیەکانی تر لە ئەستۆ بگرێت.

**بۆ پەیوەندی کردن:**

سلێمانی - هواوە - نزیکەی عەلوەکەی سلێمانی
+964 (0) 748 042 19 40

## ڕێکخراوی پەرەپێدانی ئابووری کوردستان

ئەم ڕێکخراوە قەرزی بچووك پێشکەش دەکات بۆ پرۆژەی بچووك هەروەها پۆستی بانگەشە بۆکراو کۆدەکاتەوە لە کۆمپانیا جۆراوجۆرەکان کەسانی شیاویان بۆ دەدۆزێتەوە. ئەگەر کەسەکە پۆستەکەی وەرگرت, ئەوا دەبێت 10% ی یەکەم مووچەی بدات بە ڕێکخراوەکە.

**بۆ پەیوەندی کردن:**

سلێمانی - زێرینۆك
ئیمێل: kedo19942002@yahoo.com
ئیمێل: kedo94@gmail.com
www.kedo94.org
+964 (0) 748 015 96 54

## سەنتەری زانیاری ئابووری

وەك بەشێك لە ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی , سەنتەری زانیاری ئابووری هەلدەستێ بە کردنەوەی ئەم خولانە:

- "بیرۆکەکەت بەرهەمبێنە" پارەی بەشداربوونی ئەم خوولە 30000 دیناری عێراقیە بۆ ماوەی 3 ڕۆژ
- "چۆن پرۆژە دەست پێدەکەی" پارەی بەشداربوونی ئەم خوولە 40000 دیناری عێراقیە بۆ ماوەی 5 ڕۆژ
- "بەسادەیی دەست بە پرۆژەکەت بکە" (بۆ پەرەپێدانی ئەو پرۆژەیەی کە دەستت پێ کردووە) پارەی بەشداربوون 50000 دیناری عێراقیەو ماوەکەی 4 ڕۆژە.

سەنتەری زانیاری ئابووری هەروەها پۆستی بانگەشە بۆکراو کۆدەکاتەوە لە کۆمپانیا جۆراوجۆرەکان کەسانی شیاویان بۆ دەدۆزێتەوە بەخۆرایی.

**بۆ پەیوەندی کردن:**

ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی
سلێمانی - شەقامی سالم
ئیمێل: bic@sulaimany.biz
www.sulcci.com
+964 (0) 53 321 04 91
+964 (0) 53 320 32 93

## بانکی الثقة

ئەم بانکە قەرزی بچووك بە بڕی 5000 دۆلار پێشکەش دەکات بۆ ماوەی ساڵێك بە سوودی 12%.

**بۆ پەیوەندی کردن:**

سلێمانی - فلکەی خاڵە حاجی , بەرامبەر قوتابخانەی دواناوەندی ڕەنگین

## بانکی کشتوکاڵی سلێمانی

ئەم بانکە قەرزی بچووك پێشکەش دەکات بۆ پرۆژەی کشتوکاڵی وەکو:

- دروست کردنی خانووی پلاستیکی
- لێدانی بیری ئیرتیوازی
- باخچەی گوڵ
- میکانیکی کشتوکاڵی
- سیستەمی ئاودان
- مێش بەخێوکردن
- سیستەمی ساردکەرەوە
- مەڕومالاَت
- چاككردنی بەرووبوومی مەڕومالاَت
- پەلەوەر
- دروستکردنی کارگەی ئالیک
- نوێکردنەوە
- بەخێوکردنی ماسی
- کێلگەی قارچك
- بەستنی کارەبا

**بۆ پەیوەندی کردن:**

سلێمانی - گەڕەکی چوارباخ - نزیك بەڕێوەبەرایەتی ئامار
+964 (0) 53 320 03 47

## ڕێکخراوی منداڵ پارێزی کوردستان

ئەم ڕێکخراوە هەلدەستێ بە خوولپێکردنی ئەوانەی کاردەکەن لەسەر ئاو و زێراب و کارەبا و سیستەمی گەرمی. ئەم خوولانە بەخۆڕایین و دەووترێتەوە لەلایەن 6 ڕاهێنەری نەمساوی.

**بۆ پەیوەندی کردن:**

سلێمانی
ڕزگاری 408, شەقامی حەفسەخانی نەقیب
ئیمێل: ksc-kcf@ksc-kcf.org
+964 (0) 53 330 10 46

## ڕێکخراوی پەرەپێدانی شارستانی

ئەم ڕێکخراوە خول دەکاتەوە دەربارەی ئەمانەی خوارەوە:

- **مافەکانی مرۆڤ**
- **بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکان**
- **چاودێری کردن و هەڵسەنگاندن**
- **پاراستنی سەرکردە**
- **بەدەمەوەچونی توندووتیژی**

خەرجی خولەکان لەلایەن ڕێکخراوی سپۆنسەرەوە دەدرێت

**بۆ پەیوەندی کردن:**

سلێمانی - نزيك پاركی ئازادی
شەقامی ڕاپەڕین, شۆرش, 102 ژمارەی خانوو 1
ئیمێل:cdo-pac@yahoo.com
+964 (0) 53 330 67 03
+964 (0) 770 770 75 65

## سەرچاوەکانی ئینتەرنێت

یەکێتی بەڵێندەران مالپەڕێک دەکاتەوە بەناوی (پۆستەکان) لەسەر وێبسایتەکانی :

- www.balendaran.com
- www.aweza.co/jobs
- www.kurdjobs.com
- www.chawyxelk.com




# دهۆک


©IOM , دهۆک

## بۆ پەیوەندی کردن

**IOM عێراق**

دهۆك - شەقامی کیستان
چوار ڕیانی بۆتان- شەقامی 35 99444
ئیمەیڵ: magnetdahuk@iom.int
تەلەفۆن: 89 69 233 750 (0) 964+
مۆبایل: 70 61 457 750 (0) 964+

**نووسینگەی کۆچ و کۆچبەران**
دهۆك: گرێ باسێ (تەنیشت مۆتێلی شانە)
ئیمێل: dinya1897@yahoo.com
تەلەفۆن: 23 47 452 750 (0) 964+

## زانیاری گشتی

### 1.1 جوگرافیا و دانیشتوان

دهـۆك کەوتۆتـە سـەر سـنووری تورکیـا و یەکـەم پارێـزگای باکـوورە لـە عێـراق و دەورە دراوە بـە چیا. بـە پێـی هەڵسـەنگاندنەکانی IOM لـە 2010 هەنـدێ کێشـەی ئاسایشـی هەیـە لـە نێـوان پارێـزگای دهـۆك و موصـل سـەبارەت بـە پێگـەی ئیـداری ناچەکانـی شـێخان و تەلەعفـەرو تلکێـف و ئاکـرێ و سـنجار. لەگـەڵ ئەوەشـدا دهـۆك بـوو بـە یەکێـك لـە ئارامتریـن شـارەکانی عێـراق لـە 2010 بـە پێـی ئامارەکانـی نووسـینگەی کـۆچ و کۆچبـەران. شـاری دهـۆك قەزاکانـی ئامێـدی و سـومێل و زاخـۆی هەیـە.
بەپێـی سـەرژمێری 2013 دانیشـتوانی شـاری دهـۆك نزیکـەی 1,410,296 کـەس دەبێـت و بـەو شـێوەیە دابـەش بـوون 1,033,632 کـەس شارنشـین و 376,664 کەسـیش گووندنشـین بـە پێـی زانیاریەکانـی بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی ئامـار لـە 2013 دانیشـتوانی دهـۆك 369,646 بوونـە.

بەپێـی ڕاپۆرتـی پارێـزگاری دهـۆك زیاتـر لـە 700,000 ئـاوارە لـە شـاری دهـۆك نیشـتەجێ بـوون کـە زۆرینەیـان لـە نـاو سـەنتەری شـارو دەوروبـەری دەژیـن. ئەمـەش لـە پـاش تەوژمەکانـی توندوتیـژی کـە لـە ناوەڕاسـتی 2014 ڕوویـدا.

بـە پـێ ی ڕاپۆرتەکانـی IOM لـە2013 دوە ژمـارەی گـەڕاوەکان لـە نەرویـج و سـویسرا و فەرەنسـا و ئەڵمانیـا و بەریتانیـا ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ لـە زیادبووندایـە. زۆربـەی ئەوانـەی سـوودیان لـە چالاکیەکانـی IOM وەرگرتـووە یـان بـە هـۆی دەسـت پـێ کردنـی پـڕۆژە بـووە یـان بـە هـۆی دۆزینـەوەی کاربـووە وەکـو داهاتێـك کـە پـڕ بایـەخ بێـت و دواتریـش یارمەتـی کۆمەڵگـە بـدات.

## 2. 1 کار

به پێی ڕاپرسیەکانی 2007ی بەشی ئامار , 69% ی دەرفەت کار لای کەرتی گشتیە و 14.1% لای کەرتی تایبەتە و ڕێژەی بێکاری 17%. ژمارەیەکی کەم لە ئافرەتان لە ڕووی ئابووریەوە چالاکن و ئەوانیش 16.9% یان بێکارن.

# سەکتەرە سەرەکیەکانی کار

## 2.1 گەشت و گوزار

### 2.1.1 وەسفی سەکتەرەکە

یەکێك لەشوێنە سەرنج ڕاکێشەکانی عێراق بۆ گەشت و گوزار بریتیە لە پارێزگای دهۆك کە شوێنی سەرنج ڕاکێشی وەکو ئامێدی و زاخۆ و پردی دەلالی هەیە.

بە پێ ی زانیاریەکانی بەڕێوەبەرایەتی گەشت و گوزار, 800,000 گەشتیار سەردانی دهۆکیان کردووە لە 2011 کە زۆربەیان لە بەغدا و موسلەوە هات بوون وە ئەو ژمارەیە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو داکشان چوو بەهۆی ئەم شەڕانەی کە هەڵگیرسا لە 2014.

لە دهۆك 25 هوتێل هەیە، سێ هوتێل 5 ئەستێرەیە و پێنجیان 4 ئەستێرەیەو پێنجی تریان 3 ئەستێرەیەو هەشتیان 2 ئەستێرەیەو چواریان 1 ئەستێرەیە لەگەڵ 41 مۆتێل.

### 2.1.2 پۆستە پێشبینیکراوەکان

ئەم پۆستانەی خوارەوە دیارترین کارەکانن کە ئەم سەکتەرە دەتوانێت دابینیان بکات و دەکرێت دەستکەون لە هوتێلەکان و چێشتخانەکان:

- **کارمەندی پێشوازی:** بەرپرسە لەئەرکە کارگێریە گشتیەکانی ئۆفیسەکەو چالاکیەکانی تری وەکو (وەڵامدانەوەی پرسیاری خەلکی و ڕێنیشاندانیان و ئیمێل ڕێکخستن و وەڵامدانەوەی تەلەفۆنەکان و ڕێکخستنی چاوپێکەوتنەکان).
- **ژمێریار:**بەرپرسە لەپاراستنی تۆمارە داراییەکان گرێبەست و کارە داراییەکان بۆ کۆمپانیا بچووك و گەورەکان.
- **کارگێر:** بەر پرسە لە دڵنیابوون و ڕاپەڕاندنی کاروبارە کارگێریەکانی کۆمپانیا و (نووسراو ئامادەکردن و کاروباری یاسایی و دامەزراندن و ئامادەکردنی چالاکیەکان).
- **کارەباچی:** بەرپرسە لە چاککردنەوەی ئامێری کارەبایی وەکو گلۆب و تەلەفزیۆن و ساردکەرەوە (ئەم کارە زیاتر پێویستە لە هوتێل و مۆتێلەکان).
- **چێشتلێنەر:** بەرپرسە لە ئامادەکردنی چێشت و لیستی ژەمەکان لە هوتێل و چێشتخانەو شوێنەکانی تر.
- **پاککەرەوە:** بەرپرسە لە پاك ڕاگرتنی ئەو شوێنەی کە کاری بۆ دەکات.

### 2.1.3 کارامەییە پێویستەکان

- **کارمەندی پێشوازی:** ڕووی دەرەوەی پەیوەندی کردن و مامەڵەکردنە لەگەڵ خەلك و میوانان، پێویستە زمان و ئەتەکێتی مامەڵەکردن بزانێت.
- **ژمێریار:** بڕوانامەی ئابووری و کارامەیی کۆمپیوتەرو زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بزانێت لەگەل هەندێك ئەزموون.
- **کارگێری:** بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی دواناوەندی زمان و کۆمپیوتەر بزانێت (ئینگلیزی کوردی عەرەبی) لەگەل ئەزموون.
- **کارەباچی:** ئەزموونی هەبێت.
- **چێشتلێنەر:** ئەزموون و زانیاری.
- **پاککەرەوە:** پێویست بە هیچ کارامەییەك ناکات تەنها زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بزانێت.

## 2.2 بنیاتنان

### 2.2.1 وەسفی سەکتەرەکە

چیاکانی دەورو بەرو زیادبوونی کارە تیرۆریستیەکان لەدوای 2003ەوە وای لە شاری دهۆك کرد کە زۆر بە سەختی گەورە بێت لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوانی. زۆر لە خێزانەکان بەهۆی خراپی باری ئاسایشەوە کۆچیان کردوو لە شاری دهۆك نیشتەجێ بوون. گەشەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی ناوچەکانی تری عێراق بووە هۆی پەسەندکردنی یاسای قەرزی خانووبەرە [3] (15.000 .000 بۆ [4] 30.000 .000) دیناری عێراقی کە دەدرێت لەلایەن حکومەتی عێراقی بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە دەیانەوێت خانوو دروست بکەن.

پرۆسەی بنیاتنان بە چەند پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون دەستی پێکرد لەلایەن کۆمپانیاکانی وەکو مازی لاند و ئەڤرۆ سیتی کە بووە هۆی ڕەخساندنی دەرفەتی کاری زۆر لەو سەکتەرە. جگە لەمانەش پرۆژەی زۆری تر هەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی خۆجێیەوە جێبەجێکراوە وەکو پرۆژەی نوێکردنەوەی ئاوی دهۆك و دروستکردنی بنکەکانی کارەباو قوتابخانەو بنکەی تەندروستی و ڕێگاوبان و دروستکردنی بینای نوێ بۆ دام و دەزگاکانی حکومەت. بە پێی بەشی پلاندانانی پارێزگای دهۆك پرۆژەی نوێ ئامادەکراوە وەکو دروست کردنی فڕۆکەخانەو هێلی ئاسمانی تڕافیك و تونێلی جۆراوجۆر.

### 2.2.2 پۆستە پێشبینیکراوەکان

لەگەڵ بوژانەوەی سەکتەری بنیاتنان زۆر دەرفەتی کار پەیابوون:

- **ئەندازیار:** کە زۆربەی جار ئەندازیاری شارستانیی پێویست دەکات, بەرپرسە لە سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی بنیاتنانەکە بە گشتی
- **ژمێریار:** بەرپرسە لە پاراستنی تۆمارە داراییەکان (گرێبەست و کارە داراییەکان) بۆ کۆمپانیا بچووك و گەورەکان.
- **کارگێر:** بەر پرسە لە دڵنیابوون و ڕاپەڕاندنی کاروبارە کارگێریەکانی کۆمپانیا و (نووسراو ئامادەکردن و کاروباری یاسایی و دامەزراندن و ئامادەکردنی چالاکیەکان) .
- **ڕووپێو:** بەرپرسە لە پێوانەو کۆکردنەوەی داتا دەربارەی ڕووبەرێکی زەوی دیاریکراو.
- **بۆریچی:** بەرپرسە لە بەستن و چاککردنەوەی بۆری و کەل و پەلەکانی تری پەیوەندیدار کە بەکار دێت بۆ دابەشکردن و فڕێدانی ئاو لە بینا بازرگانی و نیشتەجێبوون و پیشەسازیەکان.
- **دارتاش:** بەرپرسە لە بەستنی قالبەکانی سەقف.
- **کارەباچی:** بەرپرسە لە چاککردنەوەی ئامێری کارەبایی وەکو گلۆب و تەلەفزیۆن و ساردکەرەوە (ئەم کارە زیاتر پێویستە لە هوتێل و مۆتێلەکان).
- **چاودێر:** بەرپرسە لە سەرپەرشتی کردنی کاری ڕۆژانەی تیمە بچووکەکان بۆ ئەوەی دڵنیا بێتەوە کە پرۆژەکە بە ڕێك و پێکی بەڕێوەدەچێت.
- **کرێکار:** بەرپرسە لە یارمەتیدانی کەسانی بازرگان لە مەیدانی کاردا بە ئەنجامدانی کاری جەستەیی و دەستی بۆیان.
- **شوفێر:** بەپرسە لەلێخوڕینی ئۆتۆمبیلەکان بۆ گواستنەوەی خەلك و بەروبووم .

(3) بەپێ ی بەکارخستن و بەشی کردنەوەی خوولەکان لە دهۆک

(4) نزیکەی 12,500 بۆ 25,500 دۆلاری ئەمریکی

### 2.2.3 كارامەییە پێویستەكان

- **ئەندازیار:** بڕوانامەو ئەزموونی ئەندازیاری.
- **ڕووپێو:** بڕوانامەی پەیماناگەی تەكنیكی و ئەزموونی لێڤلی زەوی.
- **بۆریچی و دارتاش و كارەباچی:** و كاری دەست و ئەزموون و خوول پێویستە بۆ نوێكان.
- **كرێكار:** هیچ كارامەیی ناوێت.
- **شوفێر:** مۆڵەتی شوفێری گشتی لە زۆربەی كەیسەكان پێویست دەكات, بەڵام هەندێك كار پێویستی بە مۆڵەتی تایبەتی هەیە (وەكو شوفێری بەرێوەبەر و ئەندازیارەكان).

## 2. 4 كشتوكاڵ

### 2.4.1 وەسفی سەكتەرەكە

دهـۆك دەورە دراوە بـە چیـاو سـەرچاوەی ئـاوی زۆری هەیـە لەگـەل رێژەیەكـی باشـی بـاران باریـن بـە پێـی بەرێوەبەرایەتـی كـەش و هـەواو پێوانـە. ئەمـە زۆر گونجـاو دەبێـت بـۆ بەرهەمهێنانـی گەنـم و جـۆ لـە ناوچـەی سـلێڤانی لـە قـەزای سـومێل و میـوە لـە ناوچەكانـی بـەرواری بالـێ و برنـج لـە ئاكـرێ. ناوچـەی لەوەڕانـدنـی ئـاژەل لـە دهـۆك زۆر گونجـاو كاریگـەری باشـی هەبـووە بـۆ ئابـووری وە هەروەهـا ئـەو ناوچانـە بـۆ كشـتوكالیش بەكەلـك هاتـوون. بـە پێچەوانـەی ناوچـە تێكدراوەكانـی دارسـتان, ناوچەكانـی لەوەڕانـدن وەكـو خۆیـان مـاون و سـەرچاوەیەكی باشـن بـۆ بەخێوكردنـی ئـاژەڵ.
بـەم دواییانـە, خانـووی شووشـەیی زۆر دروسـت كـراوە لەلایـەن جووتیـاران كـە دەیانەوێـت ركابـەری بكـەن لەگـەڵ بەرهەمـی هـاوردە. خانـووی شووشـەیی جۆراوجـۆر دروسـت كـراوە بـەڵام ئـەوەی كـە لەهەمـووی باوتـرە ئەوانـەن كـە خەرجیەكەیـان لـە نێـوان 2000 بـۆ 2500 دۆلارە. ئێسـتا زیاتـر لـە 1000 خانـوو هەیـە لـە دهـۆك بـەڵام تەنها 800یـان تۆماركـراون و سەرپەرشـتی دەكرێـن لەلایـەن بەشـی كشـتوكالی دهـۆك.
بـە پێـی ووتەكانـی ئەنـوەر عمـر بەرێوەبـەری پلاندانـان و بەدواداچـوون لـە وەزارەتـی كشـتوكاڵ و سـەرچاوە ئاویـەكان بەرووبوومی كشـتوكاڵی لـە هەرێـم ڕوو لـە زیادبوونـە.

### 2.4.2 پۆستە پێشبینیكراوەكان

ئەوچالاكیە كشتوكالیانەی كە هەن بریتین لە:

- **جووتیار.**
- **ئاژەل بەخێوكەر.**
- **جووتیاری خانووی شووشەیی.**
- **جووتیاری شیرەمەنی.**
- **جووتیاری ماسی گر.**
- **كریكار:** كاردەكەن بۆ یارمەتیدانی جووتیارەكان لەكاری رۆژانەیان.
- **شوفێر:** بەپرسە لەلێخوڕینی ئۆتۆمبیلەكان بۆ گواستنەوەی خەلك و بەروبووم.

### 2.4.3 کارامەییە پێویستەکان

هەمان پێداویستی هەروەکو بۆ کەرتی کشتوکاڵی سلێمانی

- **جووتیار:** بروانامەی ئەندازیاری کشتوکاڵی یان سامانی ئاژەڵ یان بروانامەی کشتوکاڵی. خوول و ئەزموون بەتایبەت لە بەڕێوەبردنی خانووی شووشەیی بە خێوکردنی ئاژەڵ و ماسی
- **کرێکار:** هیچ کارامەییەکی ناوێت
- **شوفێر:** مۆڵەتی شوفێری گشتی لە زۆربەی کەیسەکان پێویست دەکات, بەڵام هەندێك کار پێویستی بە مۆڵەتی تایبەتی هەیە (وەکو شوفێری بەرێوەبەر و ئەندازیارەکان).

## هەلەکانی تری تێکەڵبوونەوە

## پەیوەندیە بەسوودەکانی پارێزگای دهۆك

### بەرێوەبەرایەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

هەموو ئەوانەی کە لە پارێزگا دانامەزرێن ئەوا تۆمار دەکرێن لەلایەن ئەم بەرێوەبەرایەتیەوە.

**بۆ پەیوەندی کردن:**

دهۆك نزیك زاری لاند
حسين علی
ئیمێل: Gdocsd_duhok@yahoo. com
+964 (0) 750 446 12 01

### نووسینگەی کۆچ و کۆچبەران

هەموو گەڕاوەکان و کۆچبەران تۆمارکراون لەلایەن ئەم نووسینگەوە

**بۆ پەیوەندی کردن:**

دهۆك, شندۆخە شەقامی بارزان
يعقوب يوسف احمد
ئیمێل: Yaqoob.barwary@gmail.com
+964 (0) 750 456 67 65

### بەرێوەبەرایەتی خول و دامەزراندن

ئەم بەرێوەبەرایەتیە خوولی پیشەیی بە خۆرایی و گرانت بۆ پرۆژەی بچووك دەدات

## بەشی خوولی پیشەیی (سەنتەری حکومی)

ئەم سەنتەرە ئەم خوولانەی خوارەوە پێشکەش دەکات بەخۆڕایی

- کۆمپیوتەر
- درومان و پرۆژە
- سەرتاشین و ئارایشتگا
- میکانیکی

**بۆ پەیوەندی کردن:**

دهوك, گرێ باسێ نزيك بەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵ
زۆزك احمد
ئیمێل: lec_duhok@yahoo.com
+964 (0) 750 445 53 75

## خوولی پیشەیی

دەزگای خێرخوازی بارزانی
ئەم دەزگایە هەموو جۆرەکانی خوولی پیشەیی پێشکەش دەکات بە خۆڕایی

**بۆ پەیوەندی کردن:**

دهوك تەناهی
نەشوان سابیر
ئیمێل: Nashwand22@gmail.com
+964 (0) 750 458 80 67

## سەرچاوەکانی ئینتەرنێت

(هەلْی کار، داواکاریەکانی کار وە بلاْوکردنەوەی سی ڤی یەکانتان)

- www.chawyxelk.com/jobs
- www.aweza.co/jobs
- www.kurdjobs.com
- www.chawyxelk.com

International Organization for Migration (IOM)

## لایەنە بەشداربووەکان

ئەم دەست پێشخەریە بە شێوەیەکی سەرەکی پالپشتی دارایی کراوە لە لایەن کۆمیسیۆنی ئەوروپا/ سندوقی دراوی گەراوەکانی ئەوروپا ( دەزگای کا ری کۆمەلگا (2013 ) پالپشتی هاوبەشی کراوە لە لایەن ئاژانسی فیدرالی بەلجیکی بۆ وەرگرتنی پەنابەران FEDASIL دەزگای خزمەتگوزاری فینلەندی بۆ کاروباری کۆچ و کۆچبەران، وەزارەتی ناوخۆی فەرەنسی ( بەرێوەبەرایەتی کۆچ کردن) لەگەڵ دەزگای هۆلەندی بۆکەرانەوەی پەنابەران بۆ وڵاتی خۆیان ( وەزارەتی داد و ئاسایش) هەروەها وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا. هەروەها ئەم پرۆژەیە جێ بە جێ دەکرێت بە پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ( نوسینگەی کۆچ و کۆچبەران و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی) لەگەڵ ئۆفیسی فەرەنسی بۆ کۆچکردن و دوبارە بەستنەوەیان بە کۆمەلگا (OFII).

MINISTRY OF THE INTERIOR

Repatriation and Departure Service
*Ministry of Security and Justice*

Home Office

fedasil

OFII

MAAHANMUUTTOVIRASTO
MIGRATIONSVERKET
FINNISH IMMIGRATION SERVICE